خولی ئینگلتەرا ئەستۆن ڤیلا بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک شکستی بە مان یونایتد هێنا.

لە خولی ئینگلتەرا ئەستۆن ڤیلا بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک شکستی بە مان یونایتد هێنا.

لە یاریەکانی هەفتەی 17ی خولی ئینگلتەرا، ئەستۆن ڤیلا لە یاریگای خێدا میوانداری مان یونایتدی کرد.

لە تایمی یەکەم، مان یو زیاتر کۆنترۆڵی یاریگای کردبوو، بەڵام هەردوولا هەوڵی گۆڵیاندا، لە خولەکی 45یش رەجەرز بە گۆڵێک کوانی خاوەن یاریگای پێشخست، بەڵام تەنها سێ خولەک دواتر کونیا ئینجامەکەی بە شێیتانە سورەکان یەکسانکردەوە و ئەو تایمەش بەو ئینجامە کۆتایی پێهات.

لە تایمی دووەم، لە خولەکی 57 رەجەرز دووەم گۆڵی ڤیلای تۆمارکرد، پاش ئەوەش گۆڵانە دواوە بە پارەزگاری لە ئینجامەکە، لە کۆتایشدا سەرکەوتوو بوون و سەرئەنجام یاریەکە بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک بەبردنەوەی ئەستۆن ڤیلا کۆتایی پێهات و خاڵەکانی بوون بە 36 خاڵ لە پلەی سێیەم، مان یوش 26 خاڵی هەیە لە پلەی حەوتەم.